https://www.doi.org/10.31918/twejer.17mlc.10

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ناسنامەی کوردیبوونی لەک

تەیب تاهیری
tayebtaheri@yahoo.com

**پوخته:**

هـۆزی «لـەک» کـە لـە ناوچـەی باشـووری کرماشـان و بـاکووری لوڕسـتان و بەشـێک لـە باشـووری ئیلام نیشـتەجێ بوونـە، لـە دوو خێڵی گەورە پێک هاتووە بە ناوی دلفان و زەنگەنە. بنەچەی ئەم هۆزە بە لوڕی بچـووک ناسـراوە؛ بـە هـۆی ئـەوەی کـە لـە زەمـەنی کۆنـەوە بـەم ناوچەگەلـەیان وتـووە »پاڵـەنشین« یان «فەهلـە»، پاش هاتنـە سـەرکاری ئەمیرەکانی پشتکۆ بە »فەیلیش« ناودێرکراون. لە مێژوودا زایەڵەی ناوی هێندێ لە شارە گرنگەکانی ئەم ناوچەیە وەکوو: مێهرگان کەدە، سەیمەڕە، سـیروان، ئـەریۆجان، ماسـبەزان و ... دەبینـدەرێ کـە هـەرکامیان بـە هۆکارێک گرنگیـان هەبـووە. لـەم دواییانـەدا هێندێ نووسـەری هاوچـەرخ بەهاندان و پاڵپشتی فەرهەنگستانی ئێران هـەوڵ دەدەن تـا هـەم «لوڕ» و هەم «لەک» لە هەموو بوارەکانەوە لە »کورد« و «کوردستان» دابڕن و بـە سـەربەخۆ پێناسـەی بکـەن، لـە کاتێک دا هیچ بەڵگـەهێنانەوەیـەک بـۆ سەلماندنی ئەم گومانە لە ئارادا نیە. ڕا و بۆچوونی هەموو دیرۆکناسـان و لێکۆڵەران و ڕۆژهەڵاتناسان لـە سـەر بەسـتراویی ڕەچەڵـەکی و فەرهـەنگی و نەتـەوەیی ئـەم دوو هـۆزە لەگەڵ کـوردە. لـە سـەر ئـەم شـایەتیە مێژووییانە، بە کارهێنانی وشـەی یـەکجۆر و یـەکڕەنگ لـە ئاخافتن دا، داب و نـەریت و شـێوەی جـل و بـەرگ و هەڵپـەڕکێ و موزیـک و... هـەموو بەڵگـەی کوردبوونی ئـەم هۆزانـەن. زاراوەی کوردیی باشـوور بریتیـە لـە: لەکی، کەڵهوڕی و لوڕی کە بە پێی بەڵگەکان لـە زاراوەکانی کوردی دێنـە ئـەژمار و لـە دەستەبەندی زمانی دا سـەر بـە زمـانی ڕۆژئـاوای ئێـرانن و دەکـرێ بـە پێـی شـایەتیی مێـژوو و بەڵگـە مێژوویـەکان وەکـوو کـەلامی یارسان بڵێین ئـەم دیالێکتـە لـەگـەڵ هـەورامی و پـاش ئـەو پاڵـەوی کـەونار یەکـە، بـەڵام بـە هـۆی تێپـەڕ بـوونی کـات و هاوسـنووری لـەگـەڵ فـارس، تایبەتمەندی بەرەو ئاسانی چوونی زمـان، تێکـەڵ بـوون و وشـەی هـاوردە

... ورده ورده لـه بنـەمای خـۆی دوور بوەتـەوە و ئێسـتا وەکـوو زارێکـی سەربەخۆ لە پۆلێنبەندیی زمانی کوردیدا پێناسە دەکرێ.

**وشە کلیلییەکان:** لەک، لوڕ، فەیلی، کورد، یارسان و هەورامی.

## ناسنامەی کوردیبوونی لەک

## پێشەکی:

لە ئەم ساڵانەی ڕابردوودا بزووتنەوەیەک لە باشووری کوردستان دا لە ژێر ناوی سەربەخۆیی شوناسی لەک وەڕێ کەوتووە کە بە بێ هیچ پاڵپشتێکی عەقڵی و هیچ سەرچاوەیەک هەوڵ بۆ دابڕان و جیاکردنەوەی لەک لە ئاخێزگا و بنەچەی خۆی واتە زاگرۆس یا کوردستان- کە سنوورەکانی بە بێ لە بەرچاوگرتنی فاکتەرە سیاسیەکان لە لایەن دیرۆکناس و ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەران لە سەر بنەمای ڕاستیە حاشاهەڵنەگرەکان دیاری کراوە- دەدرێ. لەم پێوەندیەدا دەکرێ بە وتاری هێندێ لە مامۆستایانی زانکۆ و هەروەها هەوڵی فەرهەنگستان و میراتی فەرهەنگی ئاماژە بدەین کە ڕەوتێکی پێچەوانەی بەڵگە مێژووییەکان و ڕاستییە هەنووکەییەکانە. هۆکارەکانی سەربەخۆبوونی لەک لە لای ئەوان لە شوێنێکی ئاوەهادا هاتووە: «... لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەڵێ بۆچی زۆرینەی شاعیرانی لەک لە سەردەمانی پێشوودا خۆیان لە نووسینەکانیاندا بە لەک ناساندوە گوتراوە کە نە تەنیا شاعیران بەڵکوو خەڵکی ئاساییش لە ناو شەپۆلی خۆسانسۆرکردن و بێ ئاگایی لە شوناسی خۆیاندا نووقم بوونە و بۆ ئەوەی خەڵکانی دەرهاوسێیان ڕووخۆش بن لەگەڵیان ناوی ئەوانیان لە خۆیان ناوە. هەروەها شاعیرانی پێشووی ئێمە خۆ زمانناس و پسپۆڕ نەبوونە.

بۆچی قسەی ئەمڕۆی پسپۆڕان و خوێندەوارەکانی ئێمە کە ڕوون و ڕاشکاوانەیە نابیسن؟!» لە درێژەدا باسی ئەوەی کردوە کە زمانی لەکی نابێ لە هێڵی سیاسیدا دابنرێ و بۆنی سیاسی بگرێ و گومانی دژایەیتی حکومەت لای کەسانیتر دروست بکات... ڕوونە کە ناکرێ ناوی ئەمانە بنێین بەڵگەهێنانەوە، چونکو لە هەستەوە سەرچاوەیان گرتووە و

پەسەندی زانستیی پێوەدیار نیە و هەروەها شایانی وەڵام دانەوەش نیە، چون جگە لە بە بێئاگا زانینی شاعیران و گەورەپیاوانی پێشوو- بە هەموویانەوە- ئەم ڕەفتار و هەڵویستەی ئێستا وەکوو بەرهەمی گرێیەکی دەروونی دەردەخات کە وەدووی قەرەبووکردنەوەی مێژوویەکی بەتاڵ لە چالاکیی فەرهەنگی کەوتوون، دەڵێی لەگەڵ جیلی نوێ کە کەسانی پسپۆڕ شوناسی ونبوویان دۆزراوەتەوە و تازە زانیویانە کە خاوەنی چ شوناسێکن. دەڵێی دینەوەری، باوە تاهیر، شاخوەشین، باوە بزرگ، حەسەنوویە، مەلا پەریشان، خان ئەڵماس، سەی نەوشاد، غولامڕەزا ئەرکەوازی، مەلا مەنووچەهر و... (غەزەنفەری١٣٧٨، پێڕست) هیچیان نەیانزانیوە خۆیان کێن... من لە کوێی ئەم هەستە دا دەبێ پەلەقاژە بکەم!

شەرەفخان بەدلیسی زمانی کوردی دابەشکردوە بە سەر چوار زاراوەدا: "کورمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران"(بەدلیسی١٣٩٣:٢١). ئێستا ئەگەر بە پێی پۆلێنبەندیە زمانناسانەکان کەڵهوڕی بە زاراوەیەک لە زاراوەکانی کوردی دابنین و لە پێناسەی زاراوەشدا بڵێین زاراوە بریتیە لە جیاوازی بێژە، جیاوازی پێکهاتە و ڕێزمان، جیاوازی وشە و هەروەها جیاوازی جۆر، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە زاراوەی کەڵهوڕی بە کام فاکتۆری جیاوازی لە لەکی جیا دەبێتەوە تا بتوانین وەکوو زاراوەیەکی جیا لەبەرچاوی بگرین؟! لە بیرمان نەچێ کە گرنگترین پێوەر بۆ ناسینەوەی زمان لە زاراوە تێگەیشتنی دوولایەنەیە. ئاخێوەری کەڵهوڕ و ئاخێوەری لەک هیچکات هیچ کێشەیەکیان لە فامکردنی یەکتردا نیە، تەنانەت لەوانەیە گەر کەسێکی سێهەم لە دەرەوەی ئەو دوو زاراوە گوێی لە قسەکردنی لەک و کەڵهوڕێک بێت بەو جیاوازیە هەر نەزانێ. ڕاولینسونیش هێناویە: "زمانی لوڕی لەتەک زمانی کوردیی کرماشانی هەندێک جیاوازییان هەیە و ئەگەر کەسیک یەکێ لە ئەم دوو زمانە بزانیت ئەوەیتر بە باشی فام دەکات"(راولینسون، ١٣٦٢:١٥٥). بۆیە گەر دوو ئاخێوەر بە بێ کێشە لە

یەک تێبگەن جیاوازی زۆر کەم لە پێکهاتە و ڕێزمان دا ناتوانێ خاڵی جیاکەرەوەیان بێت. مادام کەڵهوڕی لە لایەن لەک و کەسانی ترەوە وەکوو زاراوەیەکی کوردی دەناسرێ جیاوازی لەکی و ئەم زاراوەیە لە چی دایە و بۆچی دەبێ بە زمانێکی سەربەخۆی بزانین؟! چ پاڵنەرێک بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە خەڵکانێک خۆیان بە سەربەخۆ بناسێنن؟! سەربەخۆ لە چی؟! سەربەخۆ لە خۆ؟! بۆچی باپیران و گەورەپیاوانی ئەم هۆزە بە نەزانی تاوانبار کراون؟ و بۆچی ئەوان خۆیان بە سەربەخۆ لە خۆیان نەزانیوە! دیارە گەر ئەم سەربەخۆیی زمانیە بە نسبەت زمانی فارسی بێت پاساو هەڵگرە، چون تێگەیشتنی دوولایەنە لە نێوان ئاخێوەری لەک و فارس ڕێی تێناچێ، بەڵام تێگەیشتنی دوولایەنەی ئاخێوەرانی کەڵهوڕ، جاف و سۆران لەگەڵ ئاخێوەری لەک دەکرێ، ئەگەرچی لەک و کەڵهوڕ یەک زاراوەن و ئەردەڵان و سۆران سەر بە زاراوەی کوردیی ناوەڕاستن کە خۆی زاراوەیەکی جیاواز لە زمانی کوردیە، لەگەڵ ئەوەش دیسان لێک تێگەیشتن لە ڕێگای وشە هاوبەشەکانەوە ساز دەبێ.

## نەختێک لە سەر لوڕستان:

لوڕستان کە هەتا سەدەی سێهەمی کۆچی، لە باشووری کرماشان و هەمەدان هەتا کەنداوی فارس بووە، بەڵام لە سەردەمی سەرهەڵدانی ماڵەمیرانی حەسنوویە و فەزلاوی بوو بە دوو بەشی لوڕی گەورە و لوڕی بچووک. مەسعوودی یەکەم کەسە کە باس وشەی (لوڕیە)دەکات کە نشینگەیانی بە فارس و ئیسفەهان و دەڤەرە چیاییەکان، ماهات واتە ماهی کوفە و بەسرە و ماسەبەزان زانیوە.(ئیزەدپەناهـ١٣٧٦, ب١, ل٧٦)

ناوی لوڕ بە گوێرەی بۆچوونی زۆربەی لێکۆڵەران و دیرۆکناسگەلی وەک: مەسعوودی، حەمدوڵڵای مستەوفی، ئێستەخری، شەرەفخانی بەدلیسی، ڕاولینسۆن، ئیزەدپەناهـ...، شارێکە لە باکووری

ئەندیمشک بە ناوی (لوڕ)، کە ئێستەخری باسی کردووە: لوڕ شارێکی ئاوەدانە... لە شابرخواست هەتا لوڕ سێ فرسەقە... لە سیروان هەتا سەیمەرە یەک ڕۆژ ڕێگەیە و لە لوڕ هەتا کورە شەش قۆناغ (ئێستەخری۱۳٤۰: ۱۰) یاقوت حەمەویش هێنایە کە «رور» لە نزیکی ئەهوازە (حەمەوی1383, ب2, ل559) کە ئەم ئیحتمالە هەیە شارێ کە لە کۆنەوە بە دومەی۸ کیلومتری ئەندیمشک بووە و بە لوڕ ناسراوە هەر ئەو شارەی «رور» بووە کە بە دریژایی مێژوو «ر» کراوە بە «ل» و شێوەی (لوڕ)ی وەرگرتووە.(قوچانی: 1373, 54)

ئەم ناوچەیە پێش هێرشی عەرەبەکان بە «البهلوین» یان «پەهلەوییەکان» ناویان لێبراوە. (ئیبنی فەقیە ۱۳٤۹: ۷۷) کە یەکێک بووە لە میرنشینەکانی ناوچەکە و وادیارە هەواری هورموزگان بووە؛ هەڵبەت دەڵێن هورموزگان خۆی خەڵکی مێهرگانکەدە و سەردەمانێ پاشای لوڕستان و خووزستان بووە. (ئیزەدپەناهـ۱۳۷٦,ب۱,ل٦۷) پاش هێرشی عەرەبەکان و زاڵ بوونی کوڕەکانی ئومەیە و عەباس(بنی امیە و بنی عباس) بە سەر ناوچەکەدا، بە هۆی چڕ و هەڵەمووتیەوە ناوی - جبال- واتە چیای لێدەنرێت (موقەدەسی۱۳٦۱: ۵۷۵) ئیبنی خوردادبێهـ ڕای وەهابوو کە ماسەبەزان لە وڵاتی پەهلەوییەکان بووە. (ئیبن خوردادبە۵۷) و دینەوەری لە «اخبارالطوال» گوتوویە کە ماسەبەزان لەو دەڤەرانەیە کە ئەردەوان پاشای ئەشکانی فەرمانڕەوایی کردووە. (دینەوەری /٤۰) ماسەبەزان و مێهرگانکەدەک یان مێهرجانقەزەق دوو نێون کە لەسەر ئەو شوێنەی ئێستا قسەی لەسەر دەکەین - لوڕی بچووک کە بە لەکستان ناوی دەرکردووە- دایانناوە. ئەم دوو ناوە هەتا سەدەی چوار و پێنجی کۆچی بەکار دەهێنرا، بەشی باکووری دەبووە ماسەبەزان و بەشی باشووریش بە مێهرگانکەدێ ناسرابوو.(ساکی ۱۳٤۳: ۳)

ئێراقی عەجەم ناوێک بوو کە سەلجووقیەکان لەسەر ناوچەکەیان دانا. یاقووت حەمەوی لە پەرتووکی موعجەمولبولدان لە سەدەی حەوتی مانگی باسی لوڕ و لوڕستان دەکات و بە یەکێک لە هۆزە کوردییەکانی ئەژمار دەکات. ماهی کوفە و ماهی بەسرە دوو نێون بۆ بەشکردنی باج و خەراجی ئەم ناوچەیە کە ماهی کووفە دینەوەر و ماهی بەسرەیش نەهاوەند بووە و بە شێوەی بەشێک لە کووفە و بەسرە لە ژێر دەسەڵاتی میرێکی عەباسیدا بووە.

لوڕی گەورە و لوڕی بچووک لە کۆتاییەکانی سەدەی سێی کۆچی هاتنە بوون، دوو برا بە ناوی بەدر و مەنسوور ئەمیری ئەم دوو ناوچەیە بوون، دوای بەدر لوڕی گەورە کەوتە ژێر دەسەڵاتی نەوەی بەدر بە ناوی نەسیرەدین، لەو سەردەمەدا نیوەی لوڕستان لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی شول بەڕێوەدەچوو و ئەمیری ئەوانیش سەیفەدین بوو(زەکی بەیگ ١٣٨١/ج٢ص١٩١) نێزیکەی ساڵی ٥٠٠ی کۆچی لە نێوان سەد بۆ چوارسەد ماڵباتی کوردی فەزڵاوی لە سووریاوە بۆ ئێران دێن و لەلای باکوورەوە دێنە نێو لوڕستانەوە و لە سنووری خوەرشیدییەکان نیشتەجێ دەبن (مستەوفی١٣٣٦:٧٠) و ناوچەی لوڕی گەورە لە ژێر نێوی بەختیاری، بۆیرئەحمەدی و مەمەسەنی لە لوڕی بچووک دائەبڕن. ئەمە دابەشکاریی ئەو ڕەوەندانە بوون کە لە سنوورەکانی نێوان ئێراقی عەجەم و ئێراقی عەرەبدا گەرمێن و کوێستانیان دەکرد و باجی خۆیان بە دیوانی بەغدا ئەدا. ئەڵبەت پێش حەسنوویە کە لوڕی بچووکی لە ژێر چنگدا بوو و فەزلاویەکانیش لوڕی گەوریان لەلا بوو (٥٥٠ _ ٨٢٧ ک) ئالی بوویە (٣١١ ک. م) ئەم ناوچەیە بە دەستەوە بووە، بەڵام میرانی حەسنوویە (٣٤٨ک. م) بەشێکی مەزنی ئەم دەڤەرە واتە شاپوورخواست، دینەوەر، برووجێرد، نەهاوەند، ئەسەدئاوا و بەشێک لە دەوروپشتی ئەهواز و قەڵاکانی نێوان ئەم هەرێمانە دەخاتە سەر سنووری خۆی.(ئیبنێ ئەسیر،

ب ١٥، ل ٣٥٣). پاشـان تۆغرێـل بەگـی سـەلجووقی لە سـەدەی پێـنجەم، ساڵی ٤٢٤ کۆچی میرەکانی ئەم ناوچەیە بۆڕ ئەدات و بناغەی حوکمی ئەتابەکەکـــان دادەمەزرێنێـــت.(١٠٠٦_٥٠٦ک. م) بورســـوقیەکانیش لەو دەسـەڵاتە خۆماڵیانە بوون کە لە سـەردەمی سـەلجووقیەکاندا لە ناوچەی ئەلەشتەر خۆبەڕێوەبەرییێکیان خستەڕێ.

لەک لە بیدایە پێکهاتەی دوو هوزی گەورە بە ناو دلفان و زەنگنە بووە. بەڵام ئێستا ئاخێوەران دلفان لە ناوچەکە بەرچاون. دلفان دوو پەلی هەیە: یەکی سەرایی و ئەوی دیکە دلفان. لە سەرایی خدر و هیجالی بە دی دێت، کە خدر ئەبێتە باپیرەی سلسل و لە سلسلیش حەسەنوەند و یوسفوەند و قولیوەند و قیاسوەند و تورکاشوەند دروست دەبێت. لە هیجالیش جاجول و بیران(باجولوەند و بیرانوەند). هەروەها دلفانیش پێکهاتووە لە: کاکاوەند، ئەیوەتوەند، ئەولاد قوباد، میربەگ، گەراوەند، ئازادبەخت، زرونی، نوورعەلی و ئەمرائی.

**سنووری لەکستان:**

سنوور و کەوشـەنی لوڕی بچووک یان لەکسـتان بە پێی بازنەی ژیانی ئاخێوەرانی- بە دوور لە سنوور و دابەشکاریی ئیداری و ڕامیاری- بە گـوێرەی مێژوو و وتەی توێژەر و نووسـەرەکان لەبەرچاو دەگرین. ئەگەر ئـێمە حەسـنوویەکان بە کـورد بـزانین و ناوەنـدنی پاراسـتن و بڕیارگەیـان بە قەڵای سـەرماجی لای هەرسـین دانێین(گولزاری١٢٣) و بەرفراوانی سنووری دەسەڵاتیان بە ناوچەی لەکستان، ئەویش بە گوێرەی جوگرافیـای ئـاخێوەرانی ئەم هـۆزە بناسـێنین دەتـوانین بە گـوێرەی ئەو نەخشـــەیە کەوشـــەنی ژیـــنگەی لەک دیـــاری بکەین.(تـــاهیری١٣٧٩:١) ئەسکەندەر بەیگی تورکمان لە پەرتووکی عالەم ئارای عەباسیدا سەبارەت بە سنوورەکانی لوڕی بچووک دەڵێت: "شوێنی ناوبراو بەلای باشووری

ئێراقـــدا کەوتـــووە، پانتـــاییەکەی لە لایەکەوە بە هەمەدان و بـــڕەی عەلیشەکەرەوە گرێ ئەدرێت و لایەکی دیکەی بە ئولکەی خووزستانەوە، درێژییەکەی لە برووجێرد هەتا بەغداد و شار و شوێنەکانی دیکەی ئێراقی عەرەب نزیکەی سەد فرسەق دەبێت"(تورکمان١٣٣٥:٤٦٩). کەوایە ژینگە و ژیواری ئەم هۆزە گەورەیە، دەڤەرە چیاییەکانی ئێراقی عەجەم، ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران لە سنقور کولیاییەوە هەتا دینەوەر و کەنگاوەر و سـەحنە و هەرسـین، نوورئـاوا، ئەلەشـتەر، خوڕەمـاوا، کووهدەشـت، ئەرکەواز، ئـیلام، دەڤەرە باشـوورییەکانی کرماشـان، سـەر فیروزئـاوا و جەلالوەنـدە، و بە شـێوەی کـۆچ و ڕەو لە دەشـتەتاڵ و چـلچەمەی (تەلـخ دەشـت و چهـل چشـمە) شـیراز، فـاموور یـان پـامیر - فـامیری کـازروون، قەزوێن، شـەهریار، لە باکووری ئێران کەلاردەشت، سیابێشە، مەکاڕوود و کەجوورپۆل نیشتەجێن. ئەم سنوورە لە کۆندا زۆرتـر بـووە و ناوچەکـانی پلدۆختەر هەتـا ئەندیمشـک ... و دەشـتی مـازوو و دیـاری بـالاگریوە هەتـا سپیدەشـــت و دوڕوود و باشـــوور برووجێردیشـــی لەخـــۆ دەگـــرت، کە بەرەبەرە خەڵـکەکەی لە شـارەکاندا کۆبـوونەوە و دەسـتیان دایە گـۆڕانی شوناسـی خۆیـان، ئەویش بەهـۆی نزیک بـوون بە زمـانی ناوەنـد و لـوڕی ئامێتەبوونێ بە وەرگرتنی وشـەی فارسـی لە ئاخاوتنەکانیان هـاتە گۆڕێ؛ ئەم هۆکارە بوو بە هۆی ئەوە هەتا بەرەولای شـێوەزاری لـوڕی بـڕۆن کە زۆرتـرین نزیکـی بە فارسـیەوە هەبـوو. هەروەهـا ئەمەش لە حاڵێکدایە کە لوڕ بۆ خـۆی کوردە و لە پێشـدا خزمـایەتی و نزیکـایەتیی زۆری زمانیـان لەباری مۆرفۆلۆژییەوە هەبـوو لەگەڵ کورمـانجی ژووروو و ناوەڕاسـت و لەکی، بەڵام بە هۆی دراوسـێ بوون و هاوسنوورییەوە لەگەڵ فارسـەکان تێکەڵ و تێبڕی وشە لەبۆ پێوەندی باشتر و ئاسانتر هـاتە گۆڕێ. بـوونی سوڵتان و حاکمی سـەربە دەسـەڵاتی ناوەند دەبێتە هۆکار هەتـا بەرەبەرە لوڕی زۆرترین کارهاتوویی هەبێت هەتا لەکی، و ئەمەش وردەوردە هـاتە نێـو لەکەکـان و بـووە هـۆی ئەوە تـاکی لەک ئاخـاوتن بە زاری خـۆی

بەلایەوە تەوش و ترۆ بێت و بە دواکەوتنی بزانێت قسەی پێ بکات، لە ئاکامدا شێوەزاری لوڕی لە جێگەی دادەنێت کەچی لە بنەڕەتیشدا لەکە. شتێکی دیکە کە ئەم مژارەی گۆڕاوە ئەوەیە کە هەمیشە لەک و لوڕیان پێکەوە کۆ کردۆتەوە و لە زۆربەی دەق و کتێبەکاندا ئەوانیان بە لوڕ ناساندووە هەر بۆیە هەستی خزم و خوێشی لە نێوان ئەم دوو تیرەدا هەیە و هەتا ئەو جێگایەش کە لەکێک بۆی کێشە نەبێت بە لوڕی بئاخڤێت و مۆرکی خۆگۆڕ و خۆدۆڕی لێ نەدرێت. بەلام بۆچی لەک بە لوڕ دەزانن خۆی باسێکی دیکەیە کە دەبێت بورووژێنرێت.

موعینەدین نەتەنزی لە مونتەخیبولتەواریخدا دەڵێت: "یەکێک لە هۆزە سەرەکییەکانی لوڕ لەکە"(نەتەنزی١٣٣٦:٥٣). ئەسکەندەر بەیگی تورکمان لە عالەم ئارای عەباسیدا نووسیەتی: "هۆزەکانی لوڕی بچووک کە لە هەرێمی خوڕەماوا، خاوە، ئەلەشتەر، سەدمەڕە (سەیمەڕە) و هێزمین نیشتەجێن لە مێژەوە بەتشیع فطری ناودێر کراون"(ب ١,ل٤٩٦). ئەم ڕاپۆرتە کە شوێنی ژیانی لەکەکانی بە ناوی لوڕی بچووکەوە تۆمار کردووە نموونەیکی دیکەیە کە لەکی بە لوڕ زانیوە.

سکەندەر ئەمانوڵلاهی لە پەرتووکی لوڕدا نووسیەتی لەکی بەشێکە لە لوڕی"(ئەمانوللاهی47/1370) هنری فیلدیش بێجگە لە ئەوەی کە لەک و لوڕ لە یەک جیا دەزانیت، بەلام لەک لە ناو خێڵ و عەشیرەتەکانی لوڕستان پێناسە دەکات. (فیلد١٣٤٣، ٢١٧)

هەروەها نووسەرانی هاوچەرخیش ئەو بۆچوونەیان لا پەسەندە کە لەک بەشێکە لە لوڕ، بۆ نموونە: حەمید ئیزەدپەناھ ئیرەج کازمی، ڕەحیمی عوسمانوەند، عەلیمەردان عەسگەری عالەم، سیامەک موسەوی و ... .

حەسەن ئەرفەع لە کتێبی کوردەکاندا هێناویە: " لە وڵاتی کرماشان زۆرینەی هۆزەکان کوردن و ئەوانی دیکە لوڕن"(ئەرفەع، ١٣٨٢، ٨١)، کە ڕوونە مەبەست لە لوڕەکانی کرماشان هەر ئەم لەکانەن، چونکە کرماشان لوڕی لێ نییە، بە تایبەتی لە ویژەی خەڵکی کۆڵان و لاسایی کرماشان، لەکەکان بە لوڕستانی بە ناوبانگن. لە کۆتاییشدا دەتوانین ئاماژە بە پاشگری «وەند» بکەین کە هاوبەشی لەک و لوڕە و بە ئاخری ناوی هەموو هۆز و تیرەییکی لەک و لوڕ زیاد کراوە. خاوەنی موجمەلولتەواریخ لەسەر شرۆڤەی وەند دەڵێت: "هۆزەکانی وەند جودا لە زەنگەنە و کەلهوڕ کە چەند تیرەی مەزنن و لەگەڵ زەنگەنەدا یەکگرتوو و ناسراو بە وەندن. هەر بۆیە زۆرینەیان خاوەن شان و شکۆن و هەر کامێ لەمانە بە ناوێ بانگ دەکرێ و بەم شێوە نووسراون: ئەحمەدوەند، کاکاوەند، قولیعەلیوەند، جەلالوەند، جەلیلوەند، مافیوەند، بێهتوولیوەند، قووریەوەند، خەلیلوەند، خواجەوەند، زبیرەوەند، نانکەلیوەند، بوجولوەند"(١٣١٨/١٥٨). هەروەها حاجی زەینولعابدین شیروانی لە بوستانولسیاحەدا لەمەڕ وشەی لەک دەنووسێت: "ناوی هۆزێکە لە هۆزەکانی لوڕ و گەلێکی پڕن بە چەندین تیرەی جیاواز وەک، زەند و مافی و باجەلان و زەندی کەلە(زەند بەگلە)، و کەریمخانیش لە تیرەی زەندی کەلە بووە... چونکە تاقمەی لەک لە ژمارە و نفووسدا سەدهەزار ماڵبات بوونە ئیتر پێیان وتوون لەک، چون لەک خۆیان ئێژن سەدهەزار"(شیروانی١٣١٥، ٥٢٢). لەسەر وشەی لوڕستان نووسیویە: "دوو هەرێمن لوڕستانی گەورە و بچووک... کەمینەی لە فەیلیەکان ملکەچی کوردستانن و لەمێژەوە بە میرەکانی ئەو هەرێمە دەڵێن والی و بەختیارییەکانیش نزیکەی چلهەزار ماڵ دەبن کە سەر بە ئێراقی عەجەمن و تاقمی مەمەسەنی دوازدە هەزار ماڵێک دەبن و ملکەچی حاکمی فارسن و هەرسێ تیرەکە لە هۆزەکانی کوردن"(شیروانی، ١٣٥٣، ٥٢٢). کە لێرەدا چەند خاڵی بەرچاو هەیە، سەرەتا لەکی لە ژێر ناوی لوڕدا هێناوە، دووهەمیش لوڕی گەورە و بچووکی بە کورد زانیوە،

سێهەم ئەوەیکە لوڕی بچووکی بە هەمان فەیلیەکان و یان لەک دەزانێت. بە تایبەتی لە ژێر وشەی فەیلیدا نووسیویە تیرەگەلێ لە لوڕەکان، کە گەرمیان و کوێستان دەکەن. زۆربەیان شیعەن و دوازدە هەزار ماڵێکیان عەلیوڵڵاهین. بە تایبەت لە سەر سنووریان دەنووسێت: "لە ڕۆژهەڵاتەوە بە هەرێمی بەختیاری و ئێراق، لە خۆرئاواوە بە عەرەبنشینی ئێراق و لە باکوورەوە بە مولکی کوردستان و لە باشووریش خووزستان دەگرێتەوە"(شیروانی١٣١٥:٤٠٤). ئەم ڕوون کردنەوەی سنووره هەر ئەو بازنەی یەکەمی ئاخێوەرانی هۆزی لەک یان لوڕ و یان فەیلییە کە لە سەرەوە باسی لێکرا. شیروانی لە ژێر وشەی لەکدا هێناویە: "نێوی تیرەگەلێ هێژا و ناوداری کوردن" (شیروانی١٣١٥:٣٠٢). کۆکردنەوە و کاردانەوەی بۆچوونەکانی زەینولعابدین شیروانی سەبارەت بە لوڕ زانینی لەکەکان و بە کورد زانینی لوڕەکان لە مێژوودا زۆر هاتووە کە بە داخەوە ئەم تاریفاتە لە هەندێ کەسدا دڕدۆنگی و گومانی دروست کردووە هەتا بڕێ جار لەک بە کورد یان لوڕ بزانن، نائاگا لەوەی کە لەک و لوڕ و کورد داری یەک کۆتەن و تێکڕا لەسەر بنجێ گەشە و نەشە دەکەن. کە ڕاپرسی ساڵی ١٣٨٩ هەتاوی کە شورای کلتووری گشتی بەڕێوەیبرد ٩١.٥ لە خەڵکی لوڕستان خۆیان بە لوڕ ناساند(واعێزی١٣٩١) و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە خەڵکی لوڕستان یان هەمان سنووری حەسنوویە و ئەتابەکانی لوڕی بچووک کە تێکڕا لەک زمان بوونە خۆیان بە لوڕ دەزانن و ئەمەش شتێکی ڕوونە.

بەڵام بۆچی بە سنوور و بازنەی لوڕی بچووک یان لەکیان وتووە فەیلی؟! و ئەم وشەی فەیلیە لە کەنگێوە لەسەر ئاخێوەرانی لەک نراوە؟!

بە گوێرەی زۆربەی خاوەنڕاکان وشەی فەیلی گۆڕدراوی «فەهلەیە»؛ و وەک وتمان «فەهلە» هەر ئەو وڵاتی لەکستانەیە کە مێژووناسان بە «فەهلە» و «پەهلەی» دەناسێن، و هەنووکەش لە

پیرەکـــان دەبیســـین کە ئەم نـــاوە لە «پەهـــلە» یـــان «پەهـــلەویە» وە هاتووە.(ئیزەدپەناهـــ١٣٧٦,ب١,ل٧٤) ئیبنـــی فەقیهـــ هەمەدانـــی لە موختەسەرولبولداندا ناوچەی لوڕستانی بە پشتکووهـ و پێشکووهیشی بە بەشێک لە پەهلە و لە شاری پەهلەوییەکان زانیوە.(هەمەدانی١٣٤٩:٢٢) و یاقووت حەمەوی لە موعجەمولبولداندا شارەکانی پەهلەوییەکانی بە حەوت شـار ئەژمـارکردووە: "هەمەدان و ماسـەبەزان و قـوم و مـاهی بەسـرە و سـەیمەرە و مـاهی کـووفە و کرماشان"(سـاکی١٣٤٣:٤٧). ئیبنـی نەدیـم لە ئەلفێهرێستدا دەڵێت:"زمانە فارسییەکان بریتین لە پەهلەوی، دەری، فارسی، خووزی و سریانی". وتوویە پەهلەوی دەگاتەوە بە پەهلە کە ناوی پێنج شـــارە: "ئیســـفەهان، ڕەی، هەمـــەدان، مـــاهی نەهاوەنـــد و ئازەربایجـان"(نەدیم١٣٤٣:٢٢). هەروەهـا ئەم پەهـلە و فەهـلە دواتـر بە شێوەی فەهلی، فیهلی و فەیلی دەگۆڕدرێت و شێنیێن ئەم دەڤەرانە هەندێ جار بە فەیلـیش بانـگ ئەکرێن. دێهخـودا فەیلـی لە ژێـر سـیڤانی «لـوڕی فەیلـی» دەنرخێنێـت و بە لوڕیـان دەزانێـت و نووسـیویە کە تیـرەیکن لە تیرەکـانی لوڕەکـانی لوڕسـتان، یـانی لوڕەکـانی دەردۆری خوڕەمـاوا نـاوچەیکی فەیلـین. هەنـدێ کەس وشـەی فەیلـی بـۆ نێـوی حوسـین خـانی فەیلـی دامەزرێنەری والیەکـانی پشتکووهـ دەگەڕێننەوە، لە حاڵێکدا وەهـا نیـیە و هەروەهـا وتمـان وشـەی فەیلـی بە شـار و دیارەکـانی لەکنشـین وتـراوە، وەک ئەو وتەی ڕەزمئـارا کە خوڕەمـاوای بە پاشـگری فەیلییەوە هێناوە.(ڕەزمئارا١٣٢٠:١٧٥) هەڵبەت مینورسکی هێناویە کە: "لوڕی بچوک هەر لە چەرخی هەشتم بـە نـاو لوڕسـتان هـاتووە، کە ئـەوەیشـی بۆ سـە-رنجی زیاتر ناوی لوڕستان فەیلی بە کار هێناویانە"(مینورسکی١٣٧٨:١٠).

یـان ئەوەیـکە وشـەی فەیلـی بە هاوتـای شـۆڕش مانـا کـردنەوەش هەڵەیە. کـارێکە وەرگێـڕی جوگرافیـای ڕۆژئـاوای ئێرانـی ژاک دۆمێرگـان کـردوویە و لە شـیکردنەوەی وشـەی فەیلـی دەڵێـت: "بـۆ ئەوەی خەڵکـی

لوڕستان بەردەوام شۆڕشیان دەکرد وشەی فەیلییان (شۆڕشگێڕ) بە ئاخری ناوی ئەو ناوچەیە زیاد کرد"(دومێرگان١٣٣٩:٦٤). هێنری لایارد فەیلییەکان بە گەورەترین و بەهێزترین گرووپی لوڕەکانی زاگرۆس ئەژمار دەکات کە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس هەتا باکووری دێزفوول نیشتەجێن. هەروەها ئەم ستودانگەلە کە تایبەت بە وشەی فەیلی هات هەر وەک ئەو ستودانگەلەیتر تەواو لە سەر لوڕبوونی لەک سوورن، بەڵام مخابن بڕێ لە توێژەران و نووسەرانی هاوچەرخ لوڕەکان جودا لە کورد دەزانن و دەڵێن ئەگەرچی لەباری ڕەگەز، مێژوو و کلتوورەوە ناکرێ یەکبوونی کورد و لوڕ لێک جودا بکرێتەوە و هەردوویان ئێرانین و بەشی هەرە زۆری جەماوەریان لە پاشماوەکانی دانیشتوانی کەونی ئێرانن، بەڵام وێڕای یەک ڕیشەیی و لێکچوونی زۆر، کەچی لە درێژەی مێژوودا بە تایبەت لە دوای هاتنی ئیسلامەوە ئەم دوو بەرەیە شوناسی سەربەخۆ وەردەگرن و وەک دوو نەتەوەی لێک جوداکراونەتەوە.(ئەڵلاهیاری، فروغی، عەبدوڵلاهی١٣٩٠:١٠) تەنها بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە وشەی گشتیی کوردە کە توێژەر و نووسەران، ئەم وشەیانە بۆ گشت ئاژەڵدارەکان، چیانشینەکان و دەوارنشینانی هەرێمی زاگرۆس بەکار هێناوە. هەر بۆیە پێش ئەوەی لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا سەرنج بدەنە پێوەری نەتەویی و شوناس، هاتوون لێکچوونی ژیان و گوزەرانیان خستۆتە بەرچاو، بۆیە بەکارهێنانی وشەی کورد بۆ لوڕەکانیش پەیڕەوی ئەم بۆچوونەیە.(ئەڵلاهیاری، فروغی، عەبدوڵلاهی١٣٩٠:٨) (ساکی١٣٤٣:٤٢) (ئیزەدپەناه١٣٦٧:١٠) (ئەمانوللاهی١٣٧٠:٣٦)

ئەم بۆچوونە ئەگەرچی دروست نییە و وشەی کورد با گشتگیریش بێت بەڵام ئەگەر بۆ شێوەی ژیانی خەڵکانێک بگەڕێینەوە دەتوانێت لێکترازان بێنێتە گۆڕێ ئەگەر تەنها بۆ چیانشینانی زاگرۆسی بەکار بێنین! لە ڕاستیدا مێژوونووسان گشت هۆزە ڕەوەندەکانی هەرێمی زاگرۆسیان

بە وشــەی گشــتیی کــورد پێناســە کــردووە کە لوڕەکــانیش دەگــرێتەوە. هەرچەنــدە ئەم تێــڕوانینە لەگەڵ ئەقڵــدا ناگونجێــت، بەڵام ئــێمە نمــونەی دیکەمـــان لە مێــژوودا نیــیە کە هــۆز و تیــرەی دیــکە بە تایبەتمەنــدی ڕەوەندایەتییەوە لە لای مێژوونووسەکانەوە بە کورد بانگ کرابێتن. هەڵبە-ت بوون کوردگەلی شاربەدەر و کۆچەر لە ناوچەکانی کرمان، فارس، بەلوچستان، هیندوستان و خوراسان بۆتە هۆی ئەوە تا بڕێ لە ئەم نوسەرانە لە بەر تێنەگەیشتن لە مێژووی شاربەدەری ئەم کوردگەلە بۆ ئەو ناوچانە بۆچونی هەڵەیان بۆ دروست بکرێت کە وشەی گشتیی کورد بۆ هەمو ئاژەڵدارەکان، چیانشینەکان و دەوارنشینان بە کار بهێنن.

وانگا بە گوێرەی نووسراوەکانی سەرەوە نووسەر سەرەتا باسی یەکڕیشەیی کورد و لوڕ دەکات و دەڵێت ناکرێت بنەڕەتیان بە یەکێک نەزانین، چونکە شوێنی ژیان و ژیواریان هاوبەشە بەڵام لە کۆتاییدا وێڕای لێک نەچوونی قسەکانی خۆی و ڕەتکردنەوەی وتەکانی پێشووتری باس لە سەربەخۆیی شوناسی ئەم دوو نەتەوەیە دەکات لە پێش ئیسلامدا. بە وتەیەکی دیکە ئەم دوو گرووپە پێش ئیسلام یەکێک بوونە بەڵام دواتر بەهۆی کێشەی ئایینی و لێکترازانی مەزهەبییەوە لە یەکتر جودا دەبنەوە ئەگەرچی لێکچوونی زۆریشیان هەیە. هەرچەند دەڤەرە باشوورییەکانی کوردستان و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس شیعەن و لەگەڵ کوردەکانی باکووردا کە سوننەن لە یەک جیاوازن بەڵام ئەمە مندالانەیە کە بیکەینە هۆکاری جودایی و دابڕانی پێناسەیی و کلتووری و زمانی. چونکە زاگرۆس لە باری زۆربوونی ئۆل و ئایینەوە هیندستانێکە بۆخۆی و بوونی ئایین و ئاینزای جیاواز نابێتە هۆی ئەوە کە ئەوان خۆیان بە خەڵکی زاگرۆس نەزانن و بۆ خۆیان شوناسێکی نوێ بدۆزنەوە، نەخاسمە ئەوەیکە گشت مێژوونووس و نووسەرەکانی دوای ئیسلام لەسەر کوردبوونی لوڕەکان سوورن و شایەتییان بۆ داوە.

ئەڵبەت هەندێک کەسی وەک ژوکوفسکی، ڕیچارد فرای، مەکنزی، ا. مان، هنری فیلد، ئوسکارمان، گرانیک ئێساتریان، موستەفا تەقەوی موقە-دەم، سکەنەر ئەمانوڵڵاهی، کەمال فوئاد و ...، کە لوڕیان بە کورد نەزانیوە و شوناسێکی جودایان بۆ داناوە و ئەمەش هەمان بۆچوونە کە بۆ گۆرانی یان هەورامیش دایان‌ناوە و هەورامییان بە زمانێکی جودا و سەربەخۆ لە کورد دەزانن کە پێناس و شوناسی ڕەگەزی و زمانی سەربەخۆیان هەیە، و بۆ سەلماندنی وتەی خۆیان هەندێ وشە و ڕێزمانی جیاوازیان کردۆتە دەسپێک و بەردەوام ئاماژەی پێ‌دەکەن.

ئەم بابەتی بە لوڕ زانینی لەکەکان یان ئەوەیکە لەک خۆیان لوڕ بزانن شتێکی ڕوونە و قسەی لەسەر ناکرێ، بەڵام ئەوەیکە لوڕەکان لە کورد جودا ئەژمار بکرێ وەک باسێکی نامۆ و نەناس خۆ ئەنوێنێ. چونکە سنووری کورد بە گوێرەی مێژووی شازدە هەرێمەکەی حەمدوڵڵا مستەوفی(١٠٧/١٣٧٨) زنجیرە چیای زاگرۆسە و لە باشووری دەریای مەدیتەرانە هەتا باکووری ئەهواز درێژەی هەیە، و هۆز و تیرەی جیاوازی لە ئامێزە کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان زۆر و کەم لێکترازانیان لە نێواندا هەبووە، و لە بنەڕەتیشدا هەر وەها بوونە، وەک هۆزەکانی کاسی، لۆلۆبی، سۆباری، نایری، میتانی، گۆتی، کە هەنووکەش هەر جیاوازییان هەیە لە بواری ئۆل، بیر و زماندا، کە ئەم جیاوازیانە لوڕ و لەک، سۆرانی و هەورامی و بادینی، ... و سوننە و شیعە، یارسان، ئێزیدی، عەلەوی، بە-کتاشی، شەبەک و خورشیدی و ...ی پێک هێناوە و ئەم جوداییە حاشا هەڵنەگرە. مینورسکی سەد ساڵ پێش ئێستا وتویەتی: "کوردگەلێک کە لە ڕۆژهەڵاتی باشوور نیشتەجێن لە بواری زمان و ئاین لە تەک هۆزگەلی هاوڕەگەزی خۆیان جیاوازن و خۆیان بە جیا دادەنێن، بەڵام لەسەر ئەم خاڵە سوورن کە لە تەک کوردگەلی دیکە لە بوار ڕەگەز و نەتەوە هیچ جیاوازییێکیان نیە"(مینورسکی١٣٧٩:٢٢).

لەگەڵ ئەمانەشدا ڕاستی ئێستای ئەم دوو پەلە- واتە کورد و لوڕ- وێڕای هەموو لێکچوونێکی کلتووری، زمانی، مێژوویی وەک داب و نەریت، مۆسیقا، هەڵپەڕکێ، جلوبەرگ... و شایەتی و ستودان دیروکناسان ( مەسعودی، حەمەوی، موستەوفی، بەدلیسی و ...) ڕوژهەڵاتناسان( ڕیچ، مینورسکی، واسیلی نیکیتین، بارون دوبود، لوڕیە، هاسل، ڕاولینسون، ئیدوارد براون و ...) لێکۆڵەران( پەرویز ناتل خانلەری، موحەممەد ئەمین زەکی بەگ، محەممەد مەردوخ، جودەت پاشا، سدیق سەفیزادە و ...) نوسەرانی هاوچەرخ( محەممەد مورتزایی، عەبدوڵلا شە-هبازی، موراد کورد، سەیید محەممەد عەلی ئیمام شوشتەری، ئەحمەد شەریفی، دیانوش چراغی و ...) لەسەر ئەم مژارە، هەروەها بەڵگە مێژووییەکانی دیکەی وەک کەلامەکانی یارسان و کۆتا شیعری شاعیرانی ئەم ناوچەیە گشت ئەم نەرین و بۆچوونە بێ یاسا و ڕێسا تەوش ترۆیانە بەدرۆ دەخەنەوە و دەتوانین لوڕ بە کورد بزانین.

## زمان:

لە بواری زمانناسیەوە زۆربەی توێژەران، لەک بە زارێکی کوردی دەناسێنن و کەسانێکی وەک زمانناسی ئیتنولوگ، مینۆرسکی، ئیشمیت، لوڕدکورزن، مارتین وان بروینسن، زولتاریو، ئانوبنی، پەرویز ناتل خانلەری، عەلی ئەشرەف دەرویشیان و ... ئەم بۆچوونەیان هەیە. هەرچەند کەسانێکی وەک: ئۆسکارمان، کارل هادانک، ماری شیل، ڕۆمن گریشمەن، حەمید ئیزەدپەناهـ محەممەد دەبیری موقەدەم، فەرامەرز شە-هسەواری لەکی سەربەخۆ دەناسێنن.

بارون دۆبێد دەڵێت: "... ئەگەرچی لوڕ و کورد ئێستا خۆیان بە جودا دەزانن بەڵام زمانی هەردوویان هاوبەشە و ئەم مژارش هاوڕەگەزییان ڕوون دەکاتەوە"(دۆبێد١٣٨٨:٢٩٤).

ڕاولینسۆن دەڵێ:"زمانی لوڕەکان زارێکی کوردییە، بەڵام لەوژەیکی جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی زاگرۆس"(راولینسون١٣٦٢:١٤٩). لە کتێبی دوو سەفەرنامەدا هاتووە: "لە لوڕستاندا زۆر کەس هەن بە کوردی دەئاخڤن، بۆ نموونە لە بەشی باکووردا لەکەکان دەژین کە بە زاری کوردی دەپەیڤن. هۆزی مەکی لە نێوان کرماشان و لوڕستان، هولەیلان و بەشێک لە باشووری بە زاری کوردی باشووری دەئاخڤن کە لە کەلهوڕی دەچێت، و لە بڕەی باشووری پشتکووهـ کوردەکانی شووهان نیشتەجێن کە بە کوردی کورمانجی قسە دەکەن"(مینورسکی١٣٦٢:٣٠).

ئیزەدپەناهـ باسی کردووە: "زمانی لوڕی بەختیاری و لوڕی بچووک هەر لەباری دەنگ و ئاوازەوە جیاوازیێ گچکەیان پێکەوە هەیە و ئەم جوداییە لە نێوان لەوژەکانی مەمەسەنی و کەهگیلوویە لەگەڵ بەختیاریدا هەیە، بەڵام ڕێزمانیان بە تایبەت ڕیشەی کردار و خشتەکانیان هەر ئەوەیە کە لە زمانی فارسیدا هەیە"(ئیزەدپەناهـ١٣٧٦ب١ل٨٥).

ڕەزم ئارایش دەبێژێت: "دانیشتوانی لوڕستان بە دوو زمان دەئاخڤن: لەکی و لوڕی. زمانی لەکی و لوڕی لە بنەڕەتدا لە فارسی کۆن وەرگیراون و زۆربەی وشەکان و ڕستەکان لە وشەکانی فارسی کۆن دەچێت و پێدەچێت کە گوزەری کات بە هیچ شێوازێ گۆڕانی لە وشەکانیدا نەکردبێ، جیاوازیی ئەم دوو زمانە لەوەدایە لە لوڕیدا هەندێ لە وشەکان قرتیاوە و زۆر کورت کراوەتەوە بەڵام لەکی درێژە و بڕێ لە وشەکانی دیکە بە گۆڕانێ بچووک بەکار دەبرێت"(ڕەزمئارا١٣٢٠:٢٦٢).

فەرهەنگی ناوی مەساحبیش لە ژێر وشەی لەک ئەمانە بە کورد پێناساندووە. دانشنامەی دونیای ئیسلامیش لەکەکانی بە کورد داناوە. فەرهەنگی ناوی گەورەی ئیسلامیش لەکییە بە بەشێک لە کوردی دە-زانیت.(١٣٨٠ب١٠,ل ٥٤٨) هەروەها دێهخۆدایش بڕوای وەهایە کە لەکی

یەکێ لە زارە کوردییەکانە کە لە کولیایی، کرماشان، هەمەدان، ئیسفەهان، کوردستان، ئیسفەندئاباد، چوارکاوە و عەلی وردی، نیشتەجێن. (پەروایزێ لەسەر وشەی لەکی) محەممەد مەردوخیش کوردستانی بەسەر شەش وڵات دابەش کردووە کە وڵاتی شەشەمە بەم شێوە ناساندووە: "وڵاتی لوڕستان کە شارە بەناوبانگەکانی بروجرد، خورەمئاوا، سەیمەرە، مە-لائرە، نەهاوەند و تویسرکانە"(مردوخ١٣٧٩:٦٧). محەممەد ئەمین زەکی بە-گیش کە لە ساڵی ١٩١٦ دەڕواتە لوڕستان دەڵێت کە خەڵکی لوڕستان بە زمانی کوردی بە تەکما دەئاخفتن. (ساکی١٣٤٣:٣٩) یاقوت حەمەوی هێناویە: "کوردەکان هۆزگەلێکن کە لە چیاکانی نێوان خوزستان و ئیسفە-هان نیشتەجێن کە ناوی ئەم ناوچەیە بلاد اللور یان لوڕستانە". ئەم قسە-یەی یاقوتە بە ئاشکارا لوڕی بچوک و لوڕی گەورە دەستنیشان دەکات کە ئەمیش وەک نوسەرانی دیکە وەک شیخ محەممەدی خاڵ کە ئیتر بە هۆز و عەشیرەت ناوی نایبەن، ڕاستەقینە دەڵێن ئەمان کوردن. بە شێوە-یەکی گشتی ئەگەر مێژوو لێک بدەین و لێی بکوڵینەوە بە یەک خاڵ ئەگە-ین ئەویش ئەمەیە کە هەمیشە لەک بە تەک لوڕ هاتووە، بە تایبەت هەر کات ئاماژە بە شوێنی دانیشتنی لەک وتراوە لوڕی بچوک، هەروەها ئەگەر بڕێ لە لێکوڵەران و نوسەرەکان لەکیان بە لوڕ یان کورد پێناسە کردووە ئەوەندە گرینگ نیە، لەبەرئەوەی کە لوڕیش کوردە. هەروەها ئێلێکی گە-ورەی وەک لەک کە نیشتمانی لە وڵاتی کوردستانە و بە فاکتەرگەلێکی کۆمەڵناسی، داب و نەریت، ئاداب و تەقالید، ئەدەبیات، زمان و کەلتوور چ ناوی لوڕ خۆی بیگری چ ناوی فەیلی و چ ناوی لەک هەر کوردە، و ئە-میش بە ئەو مانایە نیە کە لەک بخەینە ژێر دەسەڵاتەوە یان بەژێردەست دایبنێین، چونکە کورد وشەیەکی گشتییە بۆ ئاماژە دان بە تەواوی خێڵ و هۆز و عەشیرەتەکانی زاگرۆس، هەروەها ئەو هۆزگەلە کە شاربەدەربونە و لە ناوچەگەلی تر نیشتەجێن.

بێجگە لە ڕادەربڕینی مێژوونووس و توێژەرانی زماناس کە لەکی بە یەکێـک لە زارە کوردییەکـان ئەژمـار دەکەن دەتـوانین بەڵگەمەنـدتر و مێژینەتـر ئەم بـابەتە بخەیـنە بەر بـاس و ئەویـش دوور خسـتنەوەی لەکەکـانی زەنگـنە و دڵفـان کە بـریتین لە: نـانەکەلی، خواجەوەنـد، مـافی، زەندیە ... بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێرانی وەک شیراز و قەزوێن و باکووری ئێـران، کە زۆریـنە یارسـانن و تـا ئێسـتایش هـیچ گومانێـک لە سـەر کوردبوونی یارسان پێناسە نەکراوە.

لەکەکان شێوە زارگەلێ وەک: سلسلە، کاکاوەندی، سەحنەیی، کولیایی و مەلەکشاهییان هەیە. بەڵام بە گشتی لوڕستان (لوڕی گەورە و بچووک) دەبێتە سێ وەچەی زمانی: لەکی، لوڕی باکووری، لوڕی باشووری. ئەگەر بمانهەوێ بارودۆخی ئەم ئاخێوەرانە لە کۆنەوە هەتا ئێستا بخەینە بەر باس و ڕاس بە یەک قەوارەیی، ئامێتە بوون و ساکاری زمان دەگەین. ئەم گۆڕانکـارییە لە لـوڕی باشـوورییەوە دەسـت پێـدەکات و پاشـان لە بنەمـاڵەی فەزلاوی کە لە کورمانجەکـان بـوون و لە ئاخـاڤتنی ڕۆژانەدا لە زمانی لوڕی کە تێکەڵێ لە زمانی دایکی خۆیان و خۆجێیەکانی هەرێمەکە بوو کەڵکیان وەردەگرت، بەرەبەرە لە نێو زمـانی فارسیدا دەتوێنەوە و بە هۆی نزیکی لەگەڵ فارسەکان خۆیان ئەدۆڕێنن و ئەو وشە ڕەسەنانەی کە لە دەڤەری سـۆران و کورمـانج بەکـار دەبرێـت لەبیـری دەکەن. ئەم گۆڕانکاریە زمـانیە لە لـوڕی باشـوورییەوە بەرەو لـوڕی بـاکوور تەشـەنە دەکات و بەم شـێوەیە وشـە دانـان لە جێ زمـانی خۆیـان دەبێتە کـارێکی ئاسـایی هەمـوو ڕۆژێ، هەتـا ئاسـتێک کە لە سـەردەمی ڕەزا خـان کە بنـاغەی نوێکـاری دادەنێت ئەم گـۆڕانە دەگـاتە لـووتکە و خێراتـر دەڕواتە پێشـەوە و ڕۆشـنبیر و شارنشـینەکان و خانزادەکـان کە بە دوای گەورە پێشاندانی خۆیانەوە بوون و دەیان ویست خۆ بەرزتر بنوێنن، لە هەمبەر ئەو کەسانە کە مکوڕ بوون لەسەر زمانی خۆیان، بە فارسی دەئاخـاڤتن و

ملْقێکیان بە خۆوە دەنا کە ئەمانە تێگەیشتوون و ئەم خراپ تێگەیشتنە بە داخەوە بوو بە هۆی ئەوە هەتا لە کوردستانی باشووریدا ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام پەرە بستێنێت و هەتا جێگەیەک بڕواتە پێشێ کە هەنووکە ئاخافتن بە زمانی دایکی دواکەوتوویی و گەمەییە؛ هەر بۆیە زۆرێک بوونەتە دەهۆڵکوتی شەیتان و خەڵک لە خشتەی کوردایەتی دەبەن. ئەم باسە لە پارێزگای کرماشان کە زۆرینە لەکن برەوی زۆرتری هەیە، لە حاڵێکدا بێجگە لەوانەی لە دەرەوەی شارەوە هاتوونەتە ئەم شارە، کرماشانییەکان لە گەڕەکەکانی فەیزاوا، ئابشوران، بەرزە دەماخ و گوندە-کانی وەک: چالە چالە، دێی مەجنوون، چەغامیرزا، تاقوەسان لەک و هەندێکیش کەلهوڕ بوونە. بەڵام بە داخەوە ئەم کەسانە پێشکەوتنی کلتووری لە خۆدۆڕاندنی فەرهەنگی دەبیننەوە و زمانی دایکی خۆیان لەبیر کردووە و بە فارسی دەپەیڤن. هەڵبەت سیاسەتی دەسەڵاتداران و یەکقەوارە کردنی کۆمەڵگا لە لایەن ئەوانەوە، هەروەها شیعە بوونی ئاخێوەرانی ئەم دەڤەرە کە لەگەڵ ئۆلی فەرمی وڵات وەکهەڤە نابێت لەبیر بکەین. لە هەق دەرنەچین دوور کەوتەوەی (یان خۆ دوور گرتنی) خەڵکانی کوردستانی باکووری بۆتە هۆی ئەوەی ئەمان زۆرتر بڕۆنە کۆشی دوژمن و لە ئامێزی ئەوان بحەسێنەوە.

بەڵام هۆکاری ئەوەی کە لە کۆندا لوڕی پاقژ لە وشەی فارسی بووە دەبێت لە مێژوودا بۆی بگەڕین، بوونی دەستنووسی کەلامەکانی یارسان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە لەمەڕ ئەم بابەتە. لە دەستنووسەکاندا هاتووە کە گەورەکانی ئەم هەرێمە بە کوردی هەورامی ئاخاوتوون. هەروەها ڕۆشنبیرەکانی ناوچەکە بە هەورامی یان وێژەی گۆرانی قسەیانی دەکرد. ئەم بابەتە لە لایەن موقەدەسییەوە لە ئەحسەنولتەقاسیمدا شایەتی لە سەر دراوە و دەڵێت زمانی خەڵکانی هەمەدان و زەنگان واتم واتویە. (موقە-دەسی١٣٦١:٣٩٨) و ئەم وتەیە لەگەڵ زاری کەلامەکانی سەردەمی

شاخوەشین لە لوڕستانی چاخی چوارەمی کۆچی دەخوێنێت. وەک چۆن تەواوی مێژوونووسەکان ئەم دەڤەرەیان بە فەهلە یان پەهلە زانیوە و زمانی خەڵکەکەی پەهلەویە و بە وتەی مستەوفیش پەهلەوی یەکێکە لە زارە خۆماڵییەکـــان کە لەگەڵ فارســـی دەریـــدا جیاوازە.(نەزهەتەلقلووب١٣٣٦:٦٧)

ئەم نێوە یانی پەهلە، بەرە بەرە لە لای عەرەبەکانەوە دەبێتە جەبەل و جبـال و فارســەکانیش لایـان دەبێـتە کووهســتان، واتە چیـا و کوێستان(ئیزەدپەناهـ١٣٧٦ ب١ ل١٩) کە مەبەست هەر ئەم زاگرۆسەیە و یەعقـووبی دەڤەرە چیاییەکـانی سـنووری پەهـلە کە شـوێنی چـالاکی یارسانەکانی گۆرانی زمان بووە بە هەمەدان، نەهاوەند، دینەوەر، حەڵوان، ماسـەبەزان، مێهرجـانقەزەف و شـارەزوور، سـامغان و ئازەربایجـان و زەنجـان دەئەژمێرێـت.(یەعقووبی٢١٨/١) یەکێکـی دیـکە لەو داتایـانە کە لێکچوونیان ڕوونتر دەکاتەوە کەڵک وەرگرتنە لە پیتەکانی(پ ـ ژ ـ چ ـ گ) لە وشـەکاندا کە دوو چاوکە ڕۆشـن دەکاتەوە ئەویش: نزیکی ئەم زارەیە لەگەڵ هەورامـی و پەهـلەوی کـۆن، ئەویکە تەعریـب نەکردنـی زمـانی ئەم ناوچەیە. تەنانەت دەکرێ بڵێین ئەم زارە دژی زمانی عەرەبی بووە، چون (ح) بە (هـ) ئەدرکێنێـت و (غ) بە (ق)، هەنـدێ جـاریش دەیسـڕێتەوە و بە جێگەی (ک) یان (خ) دەهێنێت.

بەراورد کردنی فەهلـەویات لـوڕی لـە ڕاحـە الصدور، کتێبی المعجم ڕازی و کەلامەکانی سەرئەنجام و شعرگەلێک کە دراوەتە پاڵ باباتاهیر لـە ناو دەقە کۆنەکان بە ئەدەبیاتی گۆرانی یەکێکی ترە لـەو بـەڵگانـەی کـە بۆ سەلماندنی باسەکەمان ئەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین.

محەممەد ئەمین ئەدیب توسی لە ناو دوو مەقالە باسـی ئەم بابـەتەی کردووە کە پەرویز ئەزکائی ئەم دوو مەقالەیەی لە ناو کتیبی باباتاهیرنامە

هێناویه. (اذکائی۱۳۷۵:۸۷) له بژار و ساق کردنه‌وه‌ی ئه‌م ده‌قه کۆنانه‌ی قونیه و مه‌جلسی شورای ئیسلامی به‌م شێوه هێناویه:

**زارجم دی و دای مورج ادخوردمو ڕجایی دو دستی او خدا درد**

**ناگهان بامدند باز وداری زارجش کشت و موران زارج ادخورد**

**له ناو دوو به‌یتی تر هاتووه:**

**از آن اسپیده بازم همدانی به تنهائی کرم نچیروانی**

**همه بمن ودیرند چرغ و شاهین بنام من کرند نچیروانی**

که نوسه‌ری یارسان به‌م بۆچونه که چون شعرگه‌ل باباتاهیر فارسییه و وشه‌ی «ئه‌زی» نییه په‌س ئه‌بێ ئه‌م وشه‌یه لا بدرێت و بنوسرێت «من»، له ئاکامدا له ناو ده‌قه‌کانی یارساندا هاتووه: «من آن اسپیده بازم همدانی.»(نسخ خطی) هه‌روه‌ها وشه‌گه‌لی ئه‌ز=من. ژه‌ره‌ج= کبک... له ناو گۆران و هه‌ورامی زمانه‌کان ئێستایش به کار ده‌هێنرێت، که ئه‌م خاڵانه ده‌بێته هۆکارێک که ئێمه بڵێین له مێژه له‌کی هورامی بووه. نمونه‌یێکی‌تر وته‌ی بابابزرگ لوڕستانیه که ده‌فه‌رمێت:

**شام هوه‌یدا بی په‌رێ کارسازی شام هوه‌یدا بی**

**وه ڕیبک خواجام کاوه په‌یدا بی وه گورز گاوسار زه‌حاک ده‌یدا بی**

(تاهیری۲۰۰۷:۲۷)

که بەهرام فەرەوەشی وشەی ڕیبک و دەیدای لە ناو فەرهەنگی پەهلەوی مانا کردووە. (ریبک= ئاماژە، دیدا= لە ناوچون، تەراو) (تاهیری٢٠٠٩:٤٥٢)

هەروەها هەبوونی هۆزی زەنگەنە بە نشینگەی پاڵنگان، دەرەتەنگ و حەڵوان هەتا دەشتی کاکاوەند، کە لەمێژە بە گۆرانی قسەیان دەکرد هۆکارێکی دیکەی نزیکی و هاوڕیشەیی لەک و گۆرانە کە بە پێی ئەم هۆکارانە کە هێنامان لە نشینگەی خۆیان دوور دەکەونەوە. ئەم هۆزە لە هۆزە گەورەکانی لەک ئەژمێردرێت کە پاڵپشتی کەریم خان بوونە و باندۆریان هەبووە لە بە دەسەڵات گەیشتنیدا، و لەگەڵیدا بەرەو شیراز کۆڕەو دەکەن. پاش کوێر بوونەوەی چرای بەختی زەندییەکان لە شیرازەوە بۆ تاران، قەزوێن، کرماشان و باکووری ئێران ڕەو دەکەن و ئێستاکە بە مافی، زەند، خواجەوەند و تەیمووری... دەناسرێن و گردیشا یارسانن.

بەشێک لە ئەم ئێلە بە گویرەی لێکوڵینەوەی موراد کورد لە کۆتایی چەرخی هەشتەم بۆ ناوچەی بەختیاری کۆچ دەکەن و پەلێک لە هوز کورد حوسەین خانی دروست دەبێت (کورد١٣٨٨ج١ص٤٦٩) هەروەها دەهێنت کە بەختیاری پەلێکە لە کورد کە تا کاتی عضدالدوله دەیلەمی، کوردگەل تا نزیکی ئیسفەهان هەبونە کە دوای ئەو بە نام لوڕ ناودیر دەبن.(کورد١٣٨٨ج١ص١٠١) بیشووب ئیزابێلا کەساڵی ١٨٩٠ سەفەر دەکات بۆ کوردستان و لوڕستان، وەها دەنووسێت: "زاری لوڕە فەیلیەکان تۆزێک لەگەڵ کوردەکانی کرماشاندا جیاوازە"(ئیزابێلا١٣٧٥:٥٢). ئەم چکە جیاوازییە هێمای سەربەخۆ بوونی زمانی نییە، بەڵکوو تایبەتمەندی زمانی کوردیە کە لە هەموو زارەکانیدا و تەنانەت گوند بە گوندیش دەبینرێت. هاوبەشی وشەی بەکارهاتوو لە نێوان لەک و کورمانجی ناوەڕاست سەروو سەتانەوەدە، و نشینگەی ئەم هۆزە لە داوێنی زاگرۆس- ئەویش

به گەواهی دیروکناسان، تویژەر و نووسەران - هانمان ئەدات هەتا لەک بە یەکێک لە هۆزە گەورەکانی کوردستان بزانین، بە تایبەت ئەوەیکە لە بارەی کلتوور، دابونەریت، بیر و بڕواوەیە دەکریێت وەک بەشێک بۆ سەلماندنی زۆرتری ئەم باسە بکەینەوە، چونکە جل و بەرگ، هەڵپەڕکێ، مۆسیقا، قسەی نەستەق، ناولێنانەکان... هەمووی لەگەڵ ناوچەکانی کورمانجی ناوەڕاست و تەنانەت کورمانجی باکوور یەکێکە کە شیکردنەوەی هەرکامێ لەمانەی سەرەوە بۆ خۆی کتێبێکە.

**ئاکامگیری:**

لەکستان لە شاهیدی مێژوو پەهلە یان فەهلە ناودیر کراوە، کە زمانی پەهلەوی دواتریش بووە بە فەهلەویات کە ئەمەش دوبارە شاهیدییە لە تە-ک کەلامەکان و بزوتنەوەی یارسان و ئەدەبیاتی گۆران لەم ناوچەیە. هە-روەها شیعری شاعیرانی ئەم ناوچەیە و مۆڕفولۆژی وشەگەلێ کە بە کار دێنن بۆ سەلماندنی ئەمەیە کە بڵێم ئەم ناوچەیە گۆرانە. تەنانەت ئەوەیکە هەبوون سوپای حەسنەویە بە گشتی گۆران بووە، یانی باپیرانی لەکگەلی ئەمڕۆ، زمانی لەکگەل کە گۆران یان هەورامی بووە بە هۆگەلێکی بەر فراوان یەک قەوارە و سانا دەبێت و جێگەی وشەگەلی ڕەسەنی خۆی ئە-داتە فارسی. ئەم ئالوگۆڕە زمانییە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زارێکی تایبەت بە ناوی زاری لەکی لە ناو دڵی زمانی کوردی دروست ببێت. ئەم ئالوگۆڕە لە زاگرۆس دیاردەیێکی نەناسراو نیە، چونکە زاگرۆس هەمیشە شوێنێک بووە بۆ دابڕینی هۆزەکان لە یەک.

لێکدابڕان و پارچە پارچە کردنی نەتەوەی کورد لە مێژە بۆتە شتێکی ئاسایی و هەر ئێستاش لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەردەوامە. ئاوارەکردن

و کۆچاندنی زۆرەملێی خەڵکانی ئەم وڵاتە بە مەبەستی لاواز کردنی پێوەندی هۆزی و چوارچێوەی هەنووکەیی ئەم نەتەوەیە خۆی چیرۆکێکی دوور و درێژە. سیاسەتی یەکدەست کردن کە بناغەی بە دەستی ڕەزاخان دادەنرێ و درێژە دەدرێ لە هەنگاوی یەکەم دا لوڕەکان لە کوردەکان دادەبڕێ و لەکەکان کە لێیگرێدان نێوان کەلهور و گۆران و سۆران بە تە-ک لوڕەکانن لە کورد جیا دەکەن تا هێدی هێدی کورد بتاوێتەوە.

بەو سیاسەتە هەوڵیان داوە کە هەموو هۆز و تایفەکانی کورد لە یەک داببڕن و بچووکیان بکەنەوە و لەو ڕێگایەوە بێ شوناسی و لە بیرکردنی مێژوو و ڕەسەنایەتی و کلتوور بەرەبەرە بێتە بوون. ئەوە لە کاتێک دایە کە نە تەنیا لەک لە ڕەسەنترین هۆزەکانی کورد دێتە ئەژمار بەڵکوو لوڕیش بەشێکە لەم پەیکەرەیە. ئەم باسە بە نەختێک ورد بوونەوە لە مێژوو، ئاخێزگا، کلتوور، ئەدەبیات، فۆلکلۆر، مۆسیقا، هەڵپەڕکی، جل و بەرگ، قسەی نەستەق، داب و نەریت و زمان و ... بە ڕوونی دیارە.

**سەرچاوەکان**


- ابن الأثیر، عزالدین علی(۱۳۵۰-۱۳۵۵). کامل تاریخ بزرگ اسلام و ایران. ترجمه ابوالقاسم حالت. تهران نشر علمی.

- ابن فقیه، همدانی احمدبن علی(۱۳۴۹). مختصرالبلدان. ترجمه ج.مسعود. تهران بنیاد فرهنگ ایران.

- اصطخری، ابواسحاق ابراهیم(۱۳۴۰). المسالک و الممالک. تصحیح ایرج افشار. تهران بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

- الهیاری، فریدون، فروغی اصغر، عبداللهی نوروزی عزت‌الله(۱۳۹۰). نقد و بررسی تحلیلی نظریه کرد بودن لرها. مجله پژوهش‌های تاریخی. دانشکده ادبیات و علوم انسانی اصفهان. سال سوم شماره سوم ص ۱-۱۴.

- امان اللهی، بهاروند سکندر(۱۳۷۰). قوم لر.پژوهشی درباره پیوستگی قومی و پراکندگی جغرافیایی لرها در ایران. تهران انتشارات آگاه.

- اوبن، اوژن(۱۳۶۲). ایران امروز. ترجمه علی اصغر سعیدی. تهران انتشارات زوار.

- ایزابلا، بیشوب (۱۳۷۵). از بیستون تا زردکوه بختیاری، ترجمه مهراب امیری، تهران نشر آنزان و نشر سهند.

- ایزدپناه، حمید(۱۳۶۷) فرهنگ لکی. تهران مؤسسه فرهنگی جهانگیری.

- ایزدپناه، حمید (۱۳۷۶). تاریخ جغرافیایی و اجتماعی لرستان. تهران انتشارات انجمن آثار و مفاخر فرهنگی.

- بدلیسی، میر شرفخان(۱۳۹۳). شرفنامه. ترجمه به کردی عبدالرحمن شرفکندی. تهران نشر پانیذ.

- بـی نـام(۱۳۷۰). جغرافیـای لرسـتان پیشـکوه و پشـتکوه۱۳۰۰ هـ.ق. امـان اللهی بهاروند سکندر. اداره کل فرهنگ و ارشاد اسلامی لرستان.

- بی نام(۱۳۱۸). مجمل التواریخ و القصص. ملـک الشعراء بهار بـه همت محمد رمضانی. تهران کلاله خاور.

- ترکمان، اسکندربیگ(۱۳۳۵). عالم آرای عباسی. بـه کوشش ایرج افشار. تهران انتشارات امیرکبیر.

- حمـوی، بغـدادی یـاقوت(۱۳۸۰). معجـم البلـدان. تـهـران سـازمان میـراث فرهنگی کشور.

- بجنوردی، سید کاظم و همکاران(۱۳۸۰). دایره المعـارف بـزرگ اسـلامی. تهران مرکز دایره المعارف بزرگ اسلامی.

- دهخدا، علـی اکبر(۱۳۵۲) فرهنگنامـه دهخـدا. مؤسسـه لغتنامـه دهخدا زیر نظر دکتر محمد معین.

- دوبد، بارون(۱۳۸۸). سفرنامه لرستان و خوزستان.ترجمه محمدحسین آریـا. تهران شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.

- دومرگان، ژاک(۱۳۳۹). جغرافیـای غـرب ایران، هیأت علمـی فرانسـه در ایران. کاظم ودیعی. تبریز انتشارات چهر.

- دینوری، ابوحنیفه احمد پسر داوود(؟). اخبارالطوال. ترجمـه صـادق نشـأت. تهران بنیاد فرهنگ ایران.

- راولینسون، هنری(۱۳۶۲). سفرنامه راولینسون. ترجمه سکندر امان اللهی بهاروند. تهران انتشارات آگاه.

- رزم، آرا علی(۱۳۲۰). جغرافیای نظامی ایران لرستان. بی جا.

- زکی، بیگ محمد امین (۱۳۸۰). زبده تاریخ کرد و کردستان، تهران نشر توس.
- ساکی، علی محمد(۱۳۴۳). جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان. لرستان کتابفروشی محمدی خرم آباد.
- شیروانی، حاج زین العابدین (۱۳۱۵). بستان السیاحه، انتشارات کتابخانه سنایی.
- شیروانی، حاج زین العابدین (۱۳۳۹). ڕیاض السیاحه، تصحیح و مقابله مرحوم اصغر حامد ڕبانی، تهران انتشارات سعدی.
- طاهری، طیب.(۲۰۰۷). سرانجام (کلام‌های یارسان). عراق، سلیمانیه، انستیتو فرهنگی کرد.
- طاهری، طیب.(۲۰۰۹). تاریخ و فلسفه‌ی سرانجام (شرحی بر نحله‌های فکری و اعتقادی کردستان). عراق، هەولیر دەزگای مکریانی.
- طاهری، طیب(۱۳۹۷). پیرها، باباها و کاکاهای یارسان در لرستان.
- غضنفری، اسفندیار (۱۳۷۸). گلزار ادب لرستان، تهران نشر مفاهیم.
- قاسمی، فرید (۱۳۷۸). کتاب لرستان مجموعه مقالات، تهران نشر حروفیه.
- کرد، مراد(۱۳۸۸). شناسنامه و تاریخ کامل بختیاری قوم کرد و لر. اصفهان نشر آسمان نگار.
- گلزاری، مسعود(؟). کرمانشاهان-کردستان. سلسله انتشارات انجمن آثار ملی شماره ۱۴۷.

- مردوخ، محمد(۱۳۷۹). تاریخ مردوخ. تهران نشر کارنگ.
- مستوفی، حمدالله(۱۳۳۶). نزهه القلوب. به کوشش محمد دبیر سیاقی. تهران انتشارات طهوری.
- مستوفی، حمدالله(۱۳۳۹). تاریخ گزیده. به اهتمام عبدالحسین نوایی. تهران انتشارات امیرکبیر.
- مسعودی، علی بن حسین(۱۳۶۵). التنبیه الأشرف. ترجمه ابوالقاسم پاینده. تهران انتشارات علمی و فرهنگی.
- مصاحب، غلامحسین (؟)دایرهالمعارف فارسی. به سرپرستی غلام حسین مصاحب. تهران انتشارات امیرکبیر.
- مقدسی، شمس الدین(۱۳۶۱). احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم.
- دبیر مقدم، محمد (۱۳۸۷). زبان، گونه، گویش و لهجه: کاربردهای بومی و جهانی. ادب پژوهی. شماره پنجم تابستان و پائیز ص۱۲۸-۹۱.
- مینورسکی، ولادیمیر فئودوروویچ(۱۳۶۲).دوسفرنامه درباره لرستان. ترجمه سکندر امان اللهی بهاروند، لیلی بختیاری. تهران انتشارات بابک.
- مینورسکی، ولادیمیر فئودوروویچ(۱۳۷۹). کرد. ترجمه حبیب الله تابانی. تهران نشر گستره.
- ناذکائی، پرویز(۱۳۷۵). باباطاهرنامه. تهران انتشارات توس.
- ندیم، محمدبن اسحاق(۱۳۴۳). الفهرست. ترجمه م. رضا تجدد. انتشارات کتابخانه ابن سینا.

- نطنـزی، معـین الـدین(۱۳۳۶). منتخـب التـواریخ. بـه تصـحیح ژان اوبـن. تهران انتشارات خیام.
- هدایت، ڕضاقلی خان(۱۳۸۰) تاریخ ڕوضه الصفای ناصری.

**Abstract:**

the “LAK” tribe which they are settled in south of Kirmashan, north Lwristan and part of south Elam consists of two clans named “Dilfan and Zangana”. The origin of the tribe popular as “Lwri Bchuk” because in the old ages they have been called as “Pallanshin” or “Fahla” and after the upcoming of Pishtu princes to power they have also called “Failish”. In the history the fame of some provinces in the area can be observed like: Mehirgan Kada, Saimara, Sirwan, Areojan and Masbazan as they were each important for a reason. Recently there is an attempt by some of the Iranian authors with the support of Iranian authority to sidestep “Lwr and Lak” from Kurds and Kurdistan in every term and define it as independent, in the meantime there is no prove or document for that. The standpoints of historians and researchers proves their identity as part of Kurdish origin. Along with the historical witness, using similar words with similar sounds during speaking, culture, music and the way they dress all proves their Kurdish identity. South Kurmanji dialect consists of: Laki, Kalhuri and Lwri which according to the historical documents they are all counts as part of Kurdish Dialects that belongs to eastern Iran and according to Yarsan speech it’s the same as Hawrami Dialect Palawi kawnar but because of the passage of time, getting close to Iranian borders and borrowing words gradually left their bases and now they are classified as one of the independent Kurdish dialects.

**نبذة مختصرة:**

تتكون قبيلة "لەك" اللذين استقروا في جنوب كرماشان، شمال لوڕستان وجزء من جنوب إيلام من عشيرتين باسم "دلفان وزنغانا". فی ايام القديمة كانت القبيلة شائعة بأسم "لوڕ الصغير" لأن من ايام القديمة سميت بأسم (بالانشين و فحلا). بعد وصول امراء بشتو الى السلطة ايضا انطلق عليهم تسمية "فەیلیش". في التاريخ يمكن ملاحظة انشهار بعض المحافظات في المنطقة مثل: مێهرگان کەده، سەیمەڕه، سيروان، ئەریۆجان، ماسبەزان. فی الاونة الآخيرة هناك محاولة من قبل بعض المؤلفين الإيرانيين بدعم من السلطة الإيرانية لتجاهل "لوڕ و لەك" من الكورد وكوردستان في كل مصطلح وتعريفه بأنه مستقل. وفي الوقت نفسه لا يوجد دليل أو وثيقة ل إثبات ذلك.

تثبت وجهات نظر المؤرخين والباحثين بأن هويتهم هي جزء لا يتجزء من أصل الكوردي. إلى جانب الشاهد التاريخي فإن استخدام كلمات متشابهة بأصوات متشابهة أثناء التحدث والثقافة والموسيقى والطريقة التي يرتدون بها ملابسهم تثبت هويتهم الكوردية. تتكون لهجة كورمانجي الجنوبية من: لاكي ، كلهوري ولوڕي والتي وفقًا للوثائق التاريخية يتم احتسابها جميعًا كجزء من اللهجات الكوردية التي تنتمي إلى شرق إيران ووفقًا لخطاب يارسان فهي نفس لهجة هورامي و لهجة بالاوي كونر ولكن بسبب مرور الوقت و الاقتراب من الحدود ايرنية واستعارة الكلمات تركوا اساسهم تدريجياً والآن يصنفون كواحدة من اللهجات الكوردية المستقلة.

https://www.doi.org/10.31918/twejer.18mlc.11

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# زانست و بیرکاری بە زمانی کوردی

سوداد ڕەسووڵ
sudad.rasool@soran.edu.iq